# بۆ بنیادنانی کوردستانێکی ئازادو فیدڕاڵ لە هەڵبژاردنەکاندا بەشداری بکەن

گەلەکەمان لە مێژووی دوور و نزیکی خۆیدا لە پێناو پاراستنی هەبوون و ناسنامەی نەتەوەیی و بەدیهێنانی مافە ڕەواکانی تێکۆشانی سەخت و دژواری بەڕێوەبردووە، هیچ کاتێك لەخەبات و قوربانیدان دوودڵ نەبووە و درێخی نەکردووە. زێدەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین لە هەموو بەشەکانی وڵاتەکەمان زیاتر، باشووری کوردستان مێژوویییەکی 80 ساڵەی بەتێکۆشان و بەرخۆدان بەسەر بردووە. ئەم خەبات و قارەمانێتییە لەگەڵ ڕاپەڕینە شکۆدارەکەی بەهاری 1991 گەیشتە قۆناغێکی نوێ و، پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان هاتنەکایەوە, بەڵام ئەزموونی 12 ساڵەی حکومڕانی خۆیی وەکو پێویست لەگەڵ داخوازی وچاوەڕوانی جەماوەر یەکانگیر نەبۆوە،بەڵکو ڕەوشێکی پێچەوانە هاتە ئاراوە، چونکە ئەو دەسکەوتانەی بەخوێنی هەزاران شەهید و شەونخوونی سەدان هەزار مرۆڤی دڵسۆز و وڵاتپارێزی ئەم وڵاتە بەدیهاتبوون لەلایەن هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار قۆرخکرا و لەخزمەتی توێژێکی کەم و سنووردار بەکارهێنرا و بەشی هەرە زۆری جەماوەری زەحمەتکێش و ڕەنجدەری گەلەکەمان لێی بێبەش بوون.

جەماوەری کوردستان لەم 12 ساڵەی دوایی هەستی بەنامۆیی و نائومێدییەکی زۆر کردووە، هەر لەبەر ئەمەش بوو بەدەیان هەزار کەس ڕێگەی هەندەرانیان گرتەبەر و ئەو ناعەدالەتییەی دەسەڵاتی کوردییان پێ قبوڵ نەکرا. ئیدی کوردستانی جوتیار و پاڵە و زەحمەتکێش و ڕۆشنبیر و خوێندکار و ژنان, بووە کوردستانی توێژێکی پاوانخوازی دەسەڵاتدار کە لەپێناو پاراستنی دەسەڵاتی حیزبی و بنەماڵەیی ئامادەی هەموو شتێك بوون و لەئەنجامی ئەمەش ئەم بەشەی وڵاتەکەمان ئەم جارە بەدەستی حیزبی کوردی دابەش و پارچە کرا, هەر لەسایەی ئەقڵیەتی حزبایەتی دەسەڵاتخوازدا گەلەکەمان گەورەترین زیانی بەرکەوت, لەدوایی نەمانی بەعسیش بەردەوامی هەمان ئەقڵیەت بووە هۆکاری ئەوەی گەلی کوردستان وەکو پێویست سوود لەو دەرفەتە مێژووییە وەرنەگرێت و نەتوانێت ناوچە تازە ئازادکراوەکان بگەڕێنێتەوە باوەشی هەرێمی کوردستان.

لەبواری سیاسی و ئیداریدا گەندەڵی گەیشتۆتە لوتکە, تەواوی سەروەت و سامانەکانی گەل و وڵات لەلایەن هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار قۆرخکراوە. جگە لەدارودەستەی خۆیان ڕێگە نادەن خەڵکانی سەربەحۆ وبێلایەن لە دامودەزگاکانی هەرێمدا خزمەتی خەڵك بکەن, دیاردەی ئینتیحار و خۆکوشتنی ژنان تا دێت پەرە دەستێنێت, لەبەرئەوە لەهەموو بوارەکان ڕووبەڕووی ڕەوشێك بووینەتەوە کە هەرگیز شایەنی ئەو هەموو قارەمانێتی و قوربانیە نییە کە خەڵکی کوردستان پێشکەشی کردووە, بۆیە مسۆگەر دەبێ هەڵبژاردنی ئەم جارەی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان ببێتە سەرەتایەك بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو ڕەوشە نالەبارە.

پارتیمان "پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان" کە بە پشت بەستن بە مێژووی بەرخۆدانی گەلەکەمان لەدایکبووە و هێزی خۆی لە یەکێتی نەتەوەیی گەلی کوردستان وەردەگرێت و لەسەر ڕێبازی شارستانی دیموکراتی تێکۆشان بەڕێوە دەبات, بڕوای تەواوی بەوە هەیە کە تێکۆشانی گەلەکەمان دەبێ لەچوارچێوەی سیاسەت و کارنامەیەکی نەتەوەیی –دیموکراتیدا نوژەن بکرێتەوە و بوار برەخسێ کە سەرجەم ڕۆڵە دڵسۆز و کاراکانی دوور لە ئینتیمای سیاسی و حیزبی خزمەتی وڵاتەکەمان بکەن.

لەم قۆناخەدا پەرلەمانێکی خاوەن ئیرادە و چالاکمان پێویستە کە بوێرانە داکۆکی لەبەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان بکات, حکومەتێکی یەکگرتوومان دەوێ کە لەهەموو بوارەکاندا، ژیانی خەڵك گەشە پێبدات و زەمینە بۆ کۆمەڵگایەکی هاوچەرخ خۆش بکات.

حکومەتێك کە بودجە و بەرنامەی ساڵانەی ڕوون و ئاشکرا بێت, توانا و دەرفەتەکان بەیەکسانی بۆ سەرجەم هاوڵاتیان فەراهام بکات, حکومەتی بنەماڵەی شەهیدان و خەڵکی تێکۆشەر و جوتیار و خوێکندکاران بێت, حکومەتێك بێت بوێرانە داکۆکی لەماف و بەرژەوەندییەکانی ژنان بکات, نەك حکومەتی حیزب و خێڵ و عەشیرەت بێت.

**جەماوەری خۆڕاگرو وڵاتپارێزی کوردستان**

پارتیمان "پ.چ.د.ك" وەکو پارتێکی کوردستانیی و دیموکراتی هاوچەرخ وێڕای تێکۆشان بۆ چەسپاندنی کوردستانێکی ئازاد و فیدراڵ، گێڕانەوەی سەرجەم ناوچە ئازادکراوەکان ،جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە پرسە چارەنووسسازەکانی گەلی باشووری کوردستان ،بەتایبەتیش پرسی مانەوەی لە ئێراقدا لە ڕێگەی ڕاپرسی گشتییەوە یەکلابکرێتەوە نەك ببێتە پرسێکی ئێراقی . هەروەها پ.چ.د.ك خەبات دەکات بۆ دیموکراتیزەکردنی سیاسەت و دەسەڵات و کۆمەڵگا, بۆ سەروەری یاسا, بۆ هێنانە دی تاك و کۆمەڵگایەکی ئازاد و هاوچەرخ, بۆ ژینگەیەکی سەوز و خاوێن, لەم چوارچێوەیەدا ئێمە پەرلەمان و حکومەتی هەرێم وەکو دەسکەوتێکی نەتەوەیی سەیر دەکەین و مسۆگەر ئەو دوو دامەزراوە دەبێ ژیانی گەلەکەمان بەرەو پێشەوە ببات و ڕۆحی وڵاتپارێزی بەشێوەیەکی هاوچەرخانە ببوژێنێتەوە. پارتیمان لەروانگەیەکی تەسکی حیزبی سەیری ئەو پرۆسەیە ناکات, ئەوەی بەلای ئێمە گرنگ و ژیانیە کە کەسانی لێهاتوو دڵسۆز لەپەرلەمان و حکومەت دەست بەکار بن, لەم چوارچێوەیەدا لیستی سەربەخۆی "پ.چ.د.ك" لەکاندیدی حیزب زیاتر لەکاندیدی سەربەخۆ و

خاوەن رابردووی پاك و تێكۆشەر پێكهاتووە. بۆیە داواتان لێدەكەین لەچواردەوری لیستی سەربەخۆی "پ.چ.د.ك" كۆببنەوە و بەگەرمی بەشداری لەهەڵبژاردنەكان بكەن و بەدەنگی خۆتان ئاییندەیەكی گەشی وڵاتەكەتان بنەخشێنن.

- ★ دەنگ بدەن بۆ كوردستانێكی ئازاد و فیدراڵ و دیموكرات
- ★ دەنگ بدەن بۆ تاك و كۆمەڵگایەكی هاوچەرخ
- ★ دەنگ بدەن بۆ سەروەری یاسا و كۆمەڵی مەدەنی
- ★ دەنگ بدەن بۆ ژیانێكی نوێ كە بەهزر و وزەی لاوان نەخشێنرابێت
- ★ دەنگ بدەن بۆ ئازادی ژن و مافەكانی
- ★ دەنگ بدەن بەلیستی سەربەخۆی پارتی چارەسەری دیموكراتی كوردستان

**ئەنجوومەنی بەڕێوەبەرایەتی**

**پارتی چارەسەری دیموكراتی كوردستان**

**2004/12/15**